**سوورێژە: ئەو نەخۆشییەی ڕۆمای داغان کرد**

**نووسینی: ئادا ماک ڤین**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: حسێن محەمەد**

ڕۆما هەروا لەهەوانتە بونیاد نەنرا، بەڵام لەساڵی ١٦٥ تا ١٨٠ زاینیی، ڕۆژانە سەروو دوو هەزار لە دانیشتووانەکەی دەمردن! نەخۆشی ئەنتۆنین یان بڵێین نەخۆشی گالین(دوای ئەوەی گالین ناساندی)، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی داغان کرد. ئەم نەخۆشییەش ئەو سوپایە لەگەڵ خۆیان هێنایان کە لە ڕۆژاوای ئاسیادا گەڕابوونەوە. نیشانەکانیشی بریتی بوون لە تا و برینی پێست و بەلەفیرە و سووتانەوەی قوڕگ. ئەم نەخۆشییە و هەروەها تاعوونەکەی قوبرس کە ٧٠ ساڵ دواتر سەری هەڵدا، بەگشتی واباوەڕ دەکرا هۆکارەکانیان ئاوڵە و سوورێژە بن. لەو کاتەدا هاونیشتیمانانی ڕۆما تووشی هیچ ڤایرۆسێک نەهاتن، بەم جۆرە بەرگری لەشیان هیچ بوو، کە دەکرا بەرچاو ڕوونی لەبارەی ئەو بەقوربانی بوونی بە کۆمەڵە بدات(یەکەمین نەخۆشی ڕێژەی مردنەکەی ٢٥% بوو). لە کاتێکا نەخۆشی ئاوڵە بینگەییانە(کلینیکییانە) تا ساڵی ١٩٧٧ نەبینرا بوو، دەی سورێژە ساڵانە سەروو ٨٥ هەزار کەس دەکوژێت، وێرای بەکارهێنانی پێکوتەی بەرگری. لە کاتێکا ڤایرۆسی سوورێژە زیاتر بەوە دەناسرێت هۆکاری ئەو زیپکە سوورە بێت کە لەشوێنی دروست بوونی موو دەست پێدەکات و پەیتا پەیتا بە لاشەدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها دەکرێت ببێتە هۆی تا و سووتانەوەی قوڕگ و هێڵنج دان و بەلەفیرە. ڕەنگە هەروەک جیاکەرەوە، گەر بەرچاویش نەبن، خاڵە وردیلە سپییەکانی کۆپلیک هەبن کە لەناو دەمی کەسی تووش بوو دەرکەون. ئەوەی باشە خۆی هەبوونی زیپکەکە ئاماژەی کۆتایی هەوکردنی ڤایرۆسەکەیە. لەگەڵ نەمانی زیپکەکەشدا، بە زۆری پێستیش توێ هەڵدەدات. زۆری خوێنەرەکانمان وەک ڕۆمانەکان تووشی ئەم نەخۆشییە نابن، بەو پێیەی سوورێژە بەفەرمی لە ساڵی ٢٠١٦دا لە ئەمریکادا بنەبڕ کرا. هەرچەندە ئەم بنەبڕکردنەش پەیوەستە بەوەی گەشتیاران ڤایرۆسەکە لەگەڵ خۆیان نەهێننەوە و ببنە هۆی بڵاو بوونەوەی. جا لەبەرئەوە پێکوتەی سوورێژە بەرگری بەرامبەر سورێژە و نەخۆشی ملەخڕە و سوورێژەی ئەڵمانیی پەیدادەکات، بۆ هەموو کەس دەبێت، گەشتیار بێت یان هاونیشتیمانی. لە ساڵی ٢٠١٤دا کۆمەڵێک لە مژدەبەخشانی نەکوتراوی ئەمیشی کە لە فلیپین گەڕانەوە، ڤایرۆسی سوورێژەیان لەگەڵ خۆیان هێنایەوە و زوو بەنێو ئەوانەدا تەشەنەی سەند، کە نە کوترابوون. بەمەش ٣٨٣ حاڵەتی سوورێژە لە ٩ووڵاتدا دەرکەوت. خۆشبەختانە بەهۆی زانستی پزیشکی سەردەمەوە، کەس بەم نەخۆشییە نەمرێت. زۆر باس و خواسی ئەو نەخۆشییەمان کردووە کە سێ یەکی دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەناوبرد. بەهۆی پێکوتەشەوە ئێمەش باکمان بەم نەخۆشییە نییە.

سەرچاوە:-

https://
www.mcgill.ca/oss/article/did-you-know-history/measles-plague-ruined-rome